ئامانج

# پەروەردەی دژە تیرۆر

www.kurdistannet.org

**تیرۆر بەڕێوەیە و لەپەرەسەندندایە, گەر لەناوینەبەین, هەمووومان لەناو دەبات. هەربۆیە نابێت سڵ لە هیچ مامەڵەیەکی کەمکردنەوەی دیاردە ئایینییەکان بکرێتەوە, چونکە بەدڵنیاییەوە کەمکردنەوەی هەستی ئایینی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تیرۆر..**

فێبریوەریی 2004

ناوی نامیلکە: پەروەردەی دژە تیرۆر

نووسەر: ئامانج

شوێنی چاپ: هەندەران – مارتی 2004

www.kurdistannet.org

**پێشکەشە:**

بە بەختکراوانی کارەساتەکەی 1ی فێبریوەریی 2004ی پایتەختی کوردستانی بندەستی عێڕاق, لە گیانپاکان و برینداربووان و هەموو ئەوانەی کە ئەو ڕووداوە بووە کۆستێکی گەورە بۆیان و تا دنیا دنیایە لە هۆشیاندا دەمێنێتەوە..

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

تەمەنم پێنج ساڵان بوو کە ساڵی 1971 خرامە بەر خوێندن. هێندە منداڵ بووم ساڵی یەکەمی خوێندنم وەکو خەو بیردێت. بەڵام ئەوەی زۆر چاك بیرم ماوە و هەرگیز بیرم ناچێتەوە, وانەی ئایین بوو. ئەوەشی کە زۆر بەتایبەتی بیرم ماوە "کارەسات"ی لەبەرکردنی تێکستی **"قل اعوذ برب الفلق من شرما خلق"** بوو. دەبوایە لەلایەن مامۆستای ئایینەوە بەزۆر ئەم ئایەتەمان لەبەربکردایە. راستییەکەی من بەو منداڵییە سەری دنیام لێهاتبووەوە یەك و هەرچەندم دەکرد وشەکانیم بۆ نەدەهات و بۆم لەبەرنەدەکرا. نەتوانینی لەبەرکردنی ئەو ئایەتە, پەیوەندیی بەوەوە نەبوو کە من منداڵێکی دەبەنگ بووبێتم. بەڵکو لەبەرکردنی تێکستێك کە بەزمانێکی بێگانە نووسرابێت و تەمەنی بگەڕێتەوە بۆ چواردە سەدە, کارێکی ئاسان نییە تەنانەت بۆ کەسێکی لەخەمرەخسیووی هەژدە ساڵیی عەرەبیش, چ جای کوردێکی تەمەن پێنج ساڵان!. مامۆستای ئایینیش وەکو ئەو تاغیە و ساعیقانەی کە هەمان ئەو تێکستانە باسیانی لێوەدەکرد, بەدارێکەوە و هاواری دەکرد **"قل اعوذ"** و ئێمەش دەبوایە لەدوایەوە بمان وتایەتەوە, بۆ ئەوەی رەوانمان بکردایە.

دیارە ئەو تێکستە یەکەم تێکست نەبوو کە مامۆستا بەزۆر پێی رەوان کردبووین, "الحمد" و "قل هو الله احد"مان هەر زوو بەزوو

تــەواو کــرد. بــەڵام بــەلای مــنەوە "قـل اعـوذ" کارەســات بــوو. کارەساتەکەشــی بــۆ منداڵێکــی پێــنج ســاڵانەی کــورد کــە تاکــە وشـەیەکیش چـییە عەرەبـی نازانـێت, ئـەو تیپە (دەنگدارە, بێگانە, لەسـەر زمـان قوسـە, ناخۆشـانە...) بـوو کـە ئـەم تێکستە لەخۆیی گـرتبوو. مامۆستاش ئەوەندە دڵسۆز بوو بۆ وانە و ئاییینەکە و بەڵکو لـەو دنـیا پاداشـتێك وەربگـرێت, لەسـەر "ئەعـوز"ێـك چـەند داری لــێدەداین, چــونکە دەبــووایە بمانگــووتایە "اعـوذ" و مامۆســتا "ئەعـوز"ی پـێ کفـر بـوو, دەیگـووت "ئەگـەر وەك مـن نەیڵـێن ئەوا دەچنە دۆزەخـەوە و خوا بە ئاگر دەتانسووتێنێت". ئەی "کفر" چی بوو؟! و دۆزەخ چییە؟ و خوا بۆچی لەسەر ئەعوزو من بسووتێنێت؟ ئەوەشیانم بۆ نەدەچووەوە سەریەك!...

ئـەوکات مـن نەمدەزانـی ئـەوەی ئـەو تێکسـتە و ئـەو مامۆسـتایە لەگـەڵ مـن و هاوڕێکانمـدا دەیکـەن کارێکـی ناڕەوایـە, بـەڵام هەستم بـەوە دەکرد کە شتێکی ناتەواو روودەدات. دیارە لەبەر ترسی ئاگر, سـووتاندن, دۆزەخ, زیـندووبوونەوە و زۆر کـاری تـر کـە هـەمان مامۆسـتا و خێـزانەکەم خسـتبوویانە دڵمـەوە و هـەروەها کەمـی تەمەنیشم رێی بیرکردنەوەی تریان لێگرتبووم.

ئـەو کـات نەمدەزانـی بـۆ نمـوونە "و امـرأته حمالـة الحطب" چ واتایەکـی هەیـە و "کنتم خیر أمة أخرجت للناس" بۆچی گووتراوە.

نەمدەزانی وڵاتی من بەهۆی ئەو تێکستە عەرەبییە بێگانانەوە چوارده سەدە لەمەوبەر داگیر و خاپوورکراوە. ئەوەشم نەدەزانی کەبەهۆی برایەتیی ئایینیی ئەو تێکستانەوە, چوارده سەدەیە بووینەتە کۆیلەی عەرەب و هەردەم بۆ خزمەتی عەرەب و مزگەوت بەکارهێنراوین و هەرچی هەستی کوردبوون و کوردایەتییەك هەبێت لە بیرماندا کراوەتە عەرەبی و بەهۆیەوە باشترین خزمەتمان بە زمان و ئایین و کلتووری عەرەبەکانی دراوسێمان کردووە.

ئەو کات زۆر شتم نەدەزانی, نەشمدەزانی ئەو تێکستەی وای لە مامۆستایەکی هاوزمانی خۆم کردووە کە بەدار مامەڵەم لەگەڵدا بکات و بەزۆر و ترسی ئاگر و دۆزەخ **"قل اعوذ"**م پێ ڕەوان بکات, کردەوەیەکە کە دەکرێت ئەمڕۆ بێ دوولێ ناوی بنرێت "تیرۆر" و "مامەڵەی خراپ لەگەڵ منداڵان" و کردەوەیەکە گەر یاسای "ئازادی و یەکسانی" بەهەموو واتاکانییەوە لە ئارادابێت و کاری پێ بکرێت, دەشێت ئەو تێکستە و ئەو مامۆستایە بکاتە تاوانبار و دادگاییان بکات.

چیرۆکی **"قل اعوذ"**, هەر لە باکگراوندنی بیرمدا ماوە و لەوانەشە ئەو کارەساتە هۆکارێکی گەورەی هەبووبێت لەسەر گەشەی بیر و چلوورەبەستنی کەسایەتیی خودی من و هەست دەکەم زۆر شتی

سروشـتیی مـنی گۆڕیـوه و لەوانەیـە ئـەو کارەسـاتە لـە ژیانـی مـندا روویندەدابایه ئێستا بەتەواوەتی کەسێکی تر بوومایه.

بـا کەمـێك پشـوو بـەم چـیرۆکه بـدەم و بـێمه سەر باسێکی تر. له رەوەندی مرۆڤایەتیدا زۆر کار و رووداو هاتوونەتە کایه و روویانداوه. ئـەو رووداوانـە بـە تایبەتـی ناخۆش و کارەساتئامێزەکانیان, بووەته هـۆی زۆرجـار گۆڕانـی رەوڕەوەی مـێژووی مرۆڤایەتـی. بـۆ دووبـاره روونــەدان و نەهاتــنەکایەی ئــەو رووداو و کارانــە, مــرۆ زۆر هەوڵــی داوه... بـەڵام زۆربـەی ئـەو هەوڵانـەی مرۆڤایەتـی لـەدوای روودانـی کارەسـاتەکان بـوون. مرۆڤایەتـی "بەنـداو"ی نەناسـیوه, تـا لافـاو نەیخـنکاندووه و وشـکایی وشـکی هەڵنەهێـناوه. ئـەم بەنـداوه کـە دەبێـتە هۆی سوودێکی دووجەمسەره بۆ مرۆڤایەتی له هەموو کات و شـوێنێکدا وەك یـەك نـین. بوونـی هەمان ئەو بەسته له ولاتێکی وەك چـیندا لـە زۆربـەی کاتدا خۆپاراستنه له مەترسی و کارەساتی لافاو. بەڵام هەمان بەست له کیشوەرێکی وەك ئافریکا چارەسەی بێئاوی و وشکەڵانییه.

هێـنانەکایەی ئەم نموونەیه که زۆر گشتییه, تەنها بۆ ئەوەیه بچمه نـێو باسـێکی گرنگـی ترەوه, که ئەویش بەرپێگیریی کارەساتەکانه. رووداوێکـی بچـووك, زۆر بەهەنـد هەڵـناگیرێت و لەلایەن مرۆڤەوه زۆر

بیری بەرپێگیریی بۆ دانانرێت. بەڵام هەمان رووداو بەشێوەیەکی گەورەتر دەبێتە کارەسات و پاشان مرۆڤایەتی دەکەوێتە خۆی. باشترین نموونە ئەو بۆمبانە بوون کە لە ئامریکا و وڵاتەکانی ئەورووپا دەتەقینەوە و دەبوونە هۆی تیرۆرکردنی خەڵکانێکی زۆر. بەڵام هێشتا لەلایەن ئەو وڵاتانەوە بەرپێگیرییەکی ئەوتۆی بۆ دانەنرا تاوەکو کارەساتەکەی 11ی سێپتێمبەری 2001 روویدا. پاش ئەم کارەساتە تەواوی خۆرئاوا و بەتایبەتی ئامریکا کەوتنە خۆیان و هەستیان بە مەترسییەکی گەورە کرد و کەوتنە بەرپێگیریی, بەهۆی ئەو بەرپێگیرییەوە ئامریکا دوو وڵاتی هەڵوەشاندەوە و دەیان رێکخراویشی کوژاندەوە. بەڵام هەموو دەزانین کە ئەو بەرپێگیرییانە درەنگ بوون و دەبینین کە چۆن ئامریکا کەوتۆتە لیتەی ئەو بەرپێگیرییەوە و لەوانەیە بتوانێت "ئاساییشی نێو سنوورەکانی" دابین بکات بەو بەرپێگیرییانەی کە پیادەی کردوون, بەڵام لەدەرەوەی سنوورەکانیدا بووەتە کارێکی زۆر گران.

ئێستا ئامریکا بچووک دەکەمەوە بۆ وڵاتەکەی خۆم و بەراوردێکیان دەکەم. هەر لە پاش جەنگی کەنداوی دووەم و دامەزراندنی "دەڤەری دژە فڕین" و گەشەکردنی دەستەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستاندا, تاڕادەیەک بەردەوام کاری تیرۆریستیمان بیستووە, بۆمبێك لێرە و یەکێك لەوێ, ناڵەی لێ هەڵستاوە...

ئـەو كـات كـە بۆمبێكـی بچـكۆلانە دەتەقیـیەوە و چـەند كەسـێكی بـریندار دەكـرد, كـەس بـیری لــەوە نەدەكـردەوە كـە تیرۆریسـتان خەریكـی دروسـتكردنی بۆمبێكـی گەورەتـرن و ئـەمجارە ئـەو بۆمـبە دەیـان كـەس دەكـوژێت. كاتـێك ئیسـلامییەكان گوێـی پێشـمەرگەی یەكێتیـیان دەبـڕی و لاشـەی یەكێتییان لە كەلار بە دوای ئوتومبیلدا رادەكێشـا, كەس بیری لەوە نەدەكردەوە كە ئەمانە دەبنە ئەنسار و لئیسـلام و كارەسـاتی خێڵـی حەمـەیان لێدەوەشـێتەوە و لەجیاتـی گوێـبڕین, سـەردەبڕن. بەرپـێگیریمان بـۆ گوێـبڕین, دروسـتكردنی بەرەیـەك بـوو لەگــەڵ ئیسـلامی سیاسـیدا, هەربـۆیە سـەربڕینی لێكەوتەوە.

ئـەو كاتەشـی كە شەوكەتی حاجی موشیر لە گامێش تەپە لەلایەن ئەنسـاری ئیسـلامەوە تیرۆركـرا, چارەسـەركردنی ئـەم گـروپە هـەر بەهەڵواسـراویی مایـەوە و هـیچ هەوڵێكـی جـیددی نـەدرا, تاوەكـو ئامـریكا دەرویەكـی لـە هەورامان و لەو ئەنساروڵئیسلامانە كردەوە و موشـەكبارانی كردن و لە ناوچەكە دەریپەڕاندن. خۆ ئەگەر ئامریكا و جەنگـی سـێیەمی كەنـداو نەبووایە لەوانە بووایە ئێستا سنووریان بە شاری سلێمانییەوە بووایە.

رۆژی 1ی فێبریوەریـی 2004 لـە یەكـەم رۆژی جەژنی ئیسلامدا, دروسـتكردنی لافاوێكـی خـوێنی كـورد بوو لە شاری هەولێر و سەدان

www.kurdistannet.org

کـەس کـوژران و بـریندار بـوون. ئەم ڕووداوە بەهۆی ئەوەوە بوو کە هـیچ بەرپێگیرییەکـی گـرنگمان نەبـوو بـۆ ئـەو بۆمـبانەی کـە پێشتر دەتەقیـنەوە و نەماندەویسـت بـزانین کـێ ئـەو کارانە دەکات و چۆن بەریان پێبگرین.

ئێسـتاش کـەس نازانێت کە ئەوانەی ئەو کارەساتەیان دروستکرد, خەریکـی چـین؟. ئایا خەریکـی وەدەستهێنانی بۆمبی کیمیاوین یان بۆمـبای ئەتۆمـی. کـێ دەڵـێ ئـەمجارە لـە 1ی فێـبریوەری خـراپتر ڕوونـــادات؟!. دەبـــێت سـەرکردایەتیی سیاســـیی کـــورد چ بەرپێگیرییەکـی بـۆ کارەسـاتی گەورەتـری وەك چـەکی کیمـیاوی و ئەتۆمی پێبێت.

خـۆتەقاندنەوە, کارێـك نیـیە بەئاسـانی وەربگیرێـت و پێشـگیریی جدیـی بـۆ دروسـتنەکرێت. ئیسـرائیل بـەو هەمـوو هێـزەوە دامـاوە بەدەسـت ئـەو تیرۆریسـتانەی کـە خۆیان دەتەقێننەوە. ئێستا ناچار بـووە دیوارێکی سەدان کیلۆمەتری بەدەوری عەرەبدا دروست بکات. لەمەشـدا ناهەقـی نیـیە چـونکە سەرچـاوەی تیرۆرەکـەی ئیسـرائیل عەرەبـە و ئـەو بیری عەرەبییە ئەوەندە ترسناکە کەوا لە ئافرەتێکی

www.kurdistanNet.org

22 سـاڵەی دایکـی دوو مـنداڵ دەکـات کـە خـۆی بـە جـوولەکەکاندا بتەقێنێتەوە..

ئەوانـەی رۆژی 1ی فێـبریوەری خۆیان تەقاندەوە, تا لە توانایاندا هەبـوو مـاددەی تەقینەوەیان لەخۆیان بەستبوو, کەسێکیش بیەوێت خـۆی بتەقێنێـتەوە, تـا بۆمـبای ئەتۆمـی هەبـێت ناچـێت بـەلای کیمـیاویدا و تـا کیماویـی هەبێت تـوخنی تـی. ئێن. تـی. ناکەوێت. لەبەرئـەوە زۆر ئاسـاییە ئێسـتا ئـەو دەسـتە تیرۆریسـتە خەریکـی هەوڵدانـی گەورەتـر و کارەسـاتاویتر بـن و ئـەمجارەیان ئـەو سـەدانە ببێــتە هـــەزاران. هەربـــۆیە پێشـــبگیرییەکانی لەمـــەودووا دەبـــێت شێوەیەکی باشتر, گشتتر و کاریگەرتر و بوێرانەتر وەخۆوە بگرێت.

بـبوورن, کـە لێـرەدا ناچـار دەبم باز بدەمە سەر لاباسێکی تر و لە ناوەڕاسـت و کۆتایـی ئـەم نووسـینەدا هەوڵـدەدەم کـە هەمـوویان پـێکەوە گـرێبدەمەوە و زنجـیرەی بـیری خوێـنەری بەڕێـزیش لەسەر نووسینەکە رێکبخەمەوە.

ئەمـڕۆ لـە کوردسـتانی بندەسـتی داگیرکـەری ئێـڕاقیدا– کە بەلای مـنەوە هێشـتا هـەر داگیرکـراوە و ئێـڕاقیش بە داگیرکەری دەزانم–, دوو دیاردەی دژ بەکورد هەن. ئەوانیش ئیسلامی سیاسی و تۆرانین. مـن لـەم نووسـینەمدا کـارم بـە تۆرانی و تورکمانی تازە سیاسییەوە

نیـیە. بـەڵام دەبێت بڵـێم هـەردوو دیـاردە و گەشـەکردنیان بەهـۆی جەنگی نێوخۆی کورد و کوردەوە بووە. ڕووداوەکانی سیازدە ساڵی ڕابردوو هێشتا دوورنین و مێژووی نوێی ئێمەن. لەبەرئەوە هەریەك لە ئـێمە زۆر چاك دەزانێت و بیری ماوە کە چۆن ئەو شەڕە کوردکوژییە بـووە هۆی گەشەکردنی ئەو دوو دیاردە دژ بەکوردە. هەردوو لایەنی ڕکەبـەری پارتــی و یەکـێتی یـەك لـە دژی ئـەوی تـر و هەرلایەکـیان بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان, ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ هـۆکاری گەشــەکردنی ئــەم دوو دیاردەیــە بــوون بـۆ بەهێزکردنــی بــەرەی سـەربازی و ڕامیاریی خۆیان و دڵدانەوەی هەردوو داگیرکەری تورك و فـارس. زۆرجـاریش ئـەو پێشـبڕکێیانەمان بینـیوە کـە ئەم دوولایەنە لەسـەر کردنەوەی بارەگای ئیسلامی و تورکمانی و یارمەتیدانی ماڵی و کارئاسـانیی تـر کـردوویانە و ئەنجامـیانداوە. دیـارە ئەوەش تەنها لەبەر تێکشکاندنی هاوڕکی بەرامبەر بووە.

ئەمـڕۆ "ئیسـلامی سیاسـیی شـاردراوە"ی لـەدەرەوە هێنـراو و لە نـاوەوە گەشـەکردوو, لـە کوردستاندا خەریکە لەدەست دەردەچێت. دیـارە هـەردوو دیـاردە زیانێکـی گـەورە بەگشـت لایـەك دەگەیەنن و ناشـکرێت ئـێمە بـە پارتـی و یەکـێتی بڵێین "بخۆن دەرتتان بێت" و ئــەوەی کــە ئێســتا دەیبیــنن خــۆتان لــەو چــەند ســاڵەی پێشــوودا چـاندووتانە و ئێستاش دەیدوورنەوە! . چونکە دروێنەکە لە کۆتاییدا

بــۆ کــوردە و پارتـــی و یەکێتــیش بەهەمــوو کردەوەیەکــی بــاش و خراپیانەوە, بەشێکی دانەبڕاوەی کوردن. هەر زیانێکیش کە ئەو دوو دیاردەیــە بــیدەن, لــە کــورد و کوردســتان دەکــەوێت و پارتـــی و یەکێتیشـی تێوە دەگلێت. هەربۆیە لە دوای 1ی فێبریوەریی 2004 ەوە دژایەتـی و چارەسـەری ئیسـلامی سیاسی تەنیا ئەرکی پارتی و یەکـێتی و دەزگـا ئاساییشـەکانیان نیـیە بەتـەنها, بەڵکـو ئەرکێکـی نەتەوەیـی و شارسـتانییانەی گشـت لایەکمانـە و ئـەو دیاردەیـە دژی نەتەوە و دیاردە شارستانییەکانمانە و بیرۆکەی ئەم نووسینەش هەر لەو ئەرکەوە سەرچاوەی گرتووە.

تیرۆریسـتان دەڵێن "ئەوەی دەستدرێژیی لێکردن, بەهەمان شێوە دەسـتدرێژیی بکەنـەوە سـەر". ئەمە پرنسیبی بیابانە و هی چواردە سـەدە لەمەوبـەرە و نابێت ئێمە بەو شێوەیە کاربکەین. دیارە نابێت ئـێمەش بچـین لــە مــزگەوت و شــوێنی کۆبوونەوەکانــیاندا خــۆمان بتەقێنیـنەوە!. ئەگـەرنا, دەبێت جیاوازیی ئێمە و ئەنسارولئیسلام و ئەنسارولسوننە و ئەنسارولئەوانی تر چی بێت؟!.

ئـەوەی لێـرەدا مـن دەمەوێت تیشکی بخەمەسەر و لەگەڵ بەڕێزتدا گفتوگۆیەکـی زۆر کـورت و چـڕی بکـەم چـەند باسـێکی رامـیاری و پەروەردەیـی دژە تـیرۆرە و دەبـێت هەوڵـی ئێمە پێش هەموو شتێك

وەستاندنی گەشەی تیرۆر و ئیسلامی سیاسی بێت لە کوردستاندا, پاشان چارەسەری ئەوانە بدۆزینەوە کە بوونەتە راستینەیەکی نامۆ و بێگانە لە کۆمەڵگاکەماندا.

پاش داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن ئامریکاوە, تیرۆر و بیری تیرۆر و عەرەبی ئەفغان بەهەموو لایەکی جیهاندا بڵاوبووەوە, کوردستانیش دەیان و سەدانی ئەم عەرەبە ئەفغانانەی بەرکەوت و کوردە ئەفغانییەکانیش گەڕانەوە کوردستان و بەرەی جیهادیان لە ئەفغانستانەوە گواستەوە بۆ کوردستان. بە رووخانی داگیرکەری بەعسیش, سنوورەکانی ئێراق کەوتە سەرپشت بۆ تیرۆریستان و لە هەموو لایەکی وڵاتانی عەرەبیی وەك یەمەن, عەرەبستانی سعودی, فەلەستین, سووریا, جەزائیر و میسر و ئەوانی ترەوە بەئاسانی دێنە نێو ئێراقەوە و کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن. ئەمانەش بەهۆی نەبوونی ئەو سنوورە توندەی نێوان ئێراق و سنوورەکانی پارتی و یەکێتی لە پێش کەوتنی ئێراقدا, بەئاسانی دێنە کوردستانەوە و گەرای پیسیان لە نێو کۆمەڵگەکەماندا داناوە. چوارچێوەی ئێراق لە هەموو شوێنێکی تری جیهان باشتر بووەتە جێنزرگەی ئەم تیرۆریستانە, بەهۆی ئەوەی کە ئێراق بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن ئامریکاوە داگیرکراوە و ئەوانیش تاسەر ئێسکیان دژی ئامریکا و

بەرژەوەندییەکانــی ئامــریکان. لەبەرئــەوە تیرۆریســتان بەمــزووانە دەست لـە ئێـراق بـەرنادەن و بـەردەوام گروپـی تـیرۆر لـە سنوورە والآکانــی داگیرکــەری ســووریا و ئــوردون و عەرەبســتانی ســعودی و داگیرکــەری ئێــرانەوە دەنێــرنە شــارەکانی ئێــراق و کوردســتانی بندەستیشـی. ئـەم گـروپانە لەژێر هەر ناوێکدا بن, یەك ئامانج و یەك بیریان هەیە, ئەویش بیری جیهاد و دژایەتیکردنی دەوڵەتی کوردی و دامەزراندنـی ژیانێکـی ئـازاد و یەکسـانە بـۆ کـۆمەڵکەی کوردەواری. هەربـۆیە تـا سـەرکردایەتیی رامـیاری کورد و وتاری سیاسیی کوردی بـریتی بـێت لەمانــەوەی کوردسـتانی بندەسـتی ئێـراق بـە بەشـێك لەچوارچـێوەی ئێـراق, ئـنجا ئایا باشـترینی شێوەکانی فیدراڵی بێت یـان کۆنفیدراڵـی, ئـەوا سنوورمان نەك بە تیرۆرەوەیە, بەڵکو خۆمان لە ناو تیرۆردا دەبین. ئەو کات دەکەوینە نێو گێژاوی عەرەبی سوننە و عەرەبـی شـیعە و رێـڕەوە توندڕەوە دژ بەکوردەکانیان و ئەوانیش ئەو کات لە ئەنسارولسوننە خراپتر فەتح و جیهادمان دەکەن.

هەربـۆیە یەکێك لە بنەبڕکردنی هۆیەکانی تیرۆر و دژایەتیکردنی لە کوردسـتاندا, خۆجیاکردنەوەیە لە ئێراقی عەرەبی و سەرچاوەی ئەو تــیرۆرە. چــونکە ئاشــکرایە لــە ســەدا نەوەدونــۆی تــیرۆری نــەك کوردستان, بەڵکو هەموو جیهان لەلایەن عەرەب و ئیسلامەوەیە.

هەڵبەت پاش کارەساتەکەی 1ی فێبریوەری، چەندین تەقینەوەی تر لە شارەکانی بەغدا و ئەوانی تر، هەر بە چەند رۆژێك روویاندا و خەڵکێکی زۆری کوشت و سەدانیش بریندار. لەبەرئەوە هەرچی چۆنێك بێت دەبێت کورد خۆی لە ئاگری ئێراق و تیرۆری عەرەبی دوورخاتەوە و سنوورێك لە نێوان خۆیی و ئەواندا دابنێت. چونکە مانەوەی کورد لە چوارچێوەی سیاسیی عێراقدا، واتە ئاوەڵایی سنوورمان لەگەڵ عەرەب و بیری تیرۆردا. واتە ناوچەکەمان بەهەموو شێوەیەك لەلایەن ئەوانەوە کاری تێدەکرێت و دەشێوێنرێت. راستەوخۆ پەیوەندیمان دەبێت بەبڕیارەکانی سیستانی، صەدر و حەکیم و ئەوانی ترەوە. کە لەم رۆژانەدا خۆی لە بڕیاری 137دا دەنوێنێت، لە پاشەڕۆژدا کاری تر و بڕیاری ئیسلامیی تر و کارەساتی تری لێدەکەوێتەوە. هەربۆیە یەکەم هەنگاو و یەکەم بڕیار بۆ بەربەستکردنی تیرۆر، هەوڵی جیابوونەوەیە لە عەرەبی ئێراقی و وڵاتانی عەرەبی. ئەگەر نا ئەوا لە پاشەڕۆژدا نێرینەمان دەبێت بەرِدێن بێت و مێیینەکانیشمان تەنها چاوی بەدەرەوە بێت.

بەهۆی دەستێوەردانی ئێران و عەرەبستانی سعوودی و رێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدەوە، گەرایەکی زۆری ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا دانرا و بەدرێژایی ئەو چەندین ساڵەی رابردوو، ئەو

www.kurdistannet.org

گەرایانــە چــەندین ڕێکخــراوی ئیسلامییان لێبووەوە کە نموونەکانیان یەکگــرتووی ئیســلامی و بــزووتنەوەی ئیســلامی و ئەنسارولئیسلام و زۆری تــرن. زۆرم پــێ ســەیرە کــە لەلایەن هەندێك ڕووناکبیرەوە ئەم ڕێکخــراوە ئیســلامییانە پۆلــێن کــراون و بەیەکێکــیان دەگووتــرێت تــوندڕەو و تیرۆریســت و بــەوی تــریان دەگووترێت میانڕەو! . چونکە هەموویان ڕەنگدانەوەی یەك بیرن...

ئــایین خوویەکی لەباوانەوە بۆ نەوەیە بۆ مرۆ. هەر ئایینێك کە مرۆ پەیــڕەوی بکــات دیاردەیەکــی کەســییانەیە و نابــێت لــە خــودی ئــەو کەســە بێــتە دەرەوە و ببێــتە هــۆی ئــەوەی هێــزکاری بۆ کەسانی تر ببــێت, ئەگــەرنا ئــەوا دەبێــتە کارێکــی نابەجێ. ئەم ئایینە بە گشتی لــەدەرەوەی بازنــەی کەســێکدا نابــێت لــە پــەرســتگاکەی تێپەڕبکات. پــەرستگاکەشــی دەبێت لە نێو سنووری یاسا و ڕێسای هاوچەرخانەدا بێت.

ئایــینی ئیســلامیش هەروایە و دەبێت بەو شێوەیە بێت. ئەم ئایینە نابــێت لــە ســنووری کەســایەتیی مرۆڤــی موســوڵمان و مزگەوتەکەیدا بێــتە دەرەوە. ئیســلام کە لە بڵندگۆی مزگەوتەکانییەوە بانگی "ألله أکــبر – ئەڵڵا گەورەیە"ی بەزۆر دابە گوێی ئەوانەی موسوڵمان نین و دەبێــتە هــۆی تیرۆرکردنــی پشــووی ئــەو کەســانە. ئــەم بانگــە کە لە خــەوی شــیرینی پێش خۆرەتاو وەئاگامان دێنێتەوە, واتە ئیسلام لە

سـنووری کەسـایەتی و مزگەوتـی موسـوڵمانانـدا هاتـە دەرەوە و تیرۆرمـان دەکـات. کـە رۆژانـی هـەینی پشـووی هەمـوو لایەکمانـە و نـیوەڕوان نـزیکەی دوو کاژێـر لـە بڵـندگۆی ئـەو هەموو مزگەوتانەوە باسـی مـێژووی چـواردە سـەدە لەمەوبـەری نەتـەوەی سەردەستمان لەلایـەن هاوزمانێـکی خۆمانەوە بۆ دەکرێت, ئەمە تیرۆرە. کە مانگی رەمـەزان مـن نەتـوانم بە رێگادا جگەرەیەك دابگیرسێنم و توینیم بوو جامـە ئاوێك بخۆمەوە و پۆلیس بمگرێت, ئەوە ئەو پۆلیسەی هازمانم بـەبیری چـواردە سـەدە لەمەوبـەر تـیرۆرم دەکـات. ئـەوە هاتـنە دەرەوەی ئیسلامە لە سنووری کەس و مزگەوتدا.

زۆرجـار لـە رووناکبیرانـی وڵاتـەوە باسـی دیموکراتیـی خـۆرئاوا دەبیسـتم و زۆربـەیان لایـان وایـە لە خۆرئاوا بەهۆی دیموکراسییەوە مـرۆ دەتوانـێت زۆر کـار بکـات, بـەڵام یـان ئـەوان بەهەڵـە لـەو دیموکـراتییە گەیشـتوون, یـان من پێویستم بە دوازدە ساڵ ژیانی تر هەیـە لە خۆرئاوادا بۆ ئەوەی باشتر تێیبگەم. بوونی پارتی ئیسلامی لـە کوردسـتاندا نابێـتە هـۆی ئـەوەی کـە ئـەو سیستمەی کوردستان بەڕێوەدەبات "دیموکراتی"یە, یان هیچ نەبێت "دەیەوێت دیموکراتی بـێت". لـە خـۆرئاوا جگـە لـە ئیتالـیا باوەڕناکەم هیچ شارێك هەبێت 300 کڵێسـەی دیانـی تێدابێت, کەچی شارێکی وەك هەولێر نزیکەی 300 مزگەوتـی تـێدایە. کـە دەڵـێم شاری هەولێر مەبەستم تەنها ناو

www.kurdistannet.org

شـاری هەولێـرە. سـلێمانی نـزیکەی 200 مزگەوتـی تـێدایە. لـە کوردسـتان دەیـان پارتـی ئیسـلامی هەیـە. سـەدان قـوتابخانەی ئیسـلامی هەیـە. لـە هەمـوو زانکۆکانی کوردستان کۆلیژی شەریعەی ئیسـلامی هەیـە. دەیان و بگرە زۆرتری پەیمانگای ئیسلامی و کۆڕ و یانە و دەستەی ئیسلامی هەن.

ئەگـەر ئـێمە باوەڕمـان بـەوە ببـێت کـە ئیسـلام خووڕەوشـتێکی کەسـییە و نابێت لە چوارچێوەی کەس و مزگەوتەوە بێتە دەرەوە و باوەڕمـان بـەوە هەبـێت کـە دیموکراسـین و ئـەو سیستەمەشـی کـە کوردسـتان بەڕێـوە دەبـات دیموکراتی و عیلمانییە. ئەوا دەبێت هەر لـە سـنووری یاسـاکانی دیموکراتیدا ئەم بڕیارانە دەربکرێت, تاوەکو تیرۆری ئیسلامیی کوردی جارێ لەم ئاستەی ئێستایدا بوەستێنرێت:

- ژمـارەی مـزگەوتەکان زۆر کـەم بکـرێتەوە, چـونکە زۆریـنەی گـەرای ئیسـلامی سیاسـی و تیرۆریسـت لـەو مـزگەوتانەدا دەتـرەکێن و بڵاودەبنەوە. لەم خاڵەدا پێویستە رەچاوی ئەو مزگەوتانە بکرێت کە پەیوەندییان بە مێژووی کوردەوارییەوە هەیـە و هەندێکـیان بـوونەتە مۆنومێـنت و دەبـێت وەکـو سامانێکی شـوێنەواری نەتەوەیـی لێـی بڕوانـرێت. بۆ نموونە مزگەوتی سپی و منارەی چۆلی لە هەولێر و مزگەوتی خانەقا و خانـەقای حاجـی مەلا عەلی و مزگەوتی گەورەی سلێمانی.

ئـیتر ئەوانـی تـر پێویسـتییەكی ئەوتـۆیان نیـیە و بوونی ئەو ژمـارە زۆرەی مـزگەوت لـە شـارەكاندا كارێكـی ناپێویسـتە. تێبینیـی ئـەو كێشـە گەورەیـەی كەمـی زەوی و خانـووبەرە بكـەن لـە شـارێكی وەك سـلێمانیدا. ئەگـەر نـزیكەی 100 مزگەوتـی شـار بكـرێتە باڵەخانـەی گەورە و شوێنی نیشتەنی زۆر باشـتر نابێت لەوەی ئەو مزگەوتانە ببنە هۆی ئەوەی ئەو كۆبـوونەوانەی تـێدا بكرێت كە كەی و چۆن و لە كوێ بۆمبێك بتەقێنـنەوە؟!. ئـەو مزگەوتانە دەكرێت بۆ شوێنی تری وەك كتێـبخانە, یانــە, قــوتابخانە و هۆڵــی نمایشــی شــانۆیی بەكاربهێنـرێن. چـونكە هەریـەك لــەو مـزگەوتانە خاوەنــی هۆڵێكی گەورەن.

- لــە چوارچــێوەی رێســاكانی دیموكراســیدا هــەر پــارت و كۆبوونەوەیەكـی ئیسـلامی قەدەغـە بكـرێت و بەهـیچ جۆرێك مۆڵەتـی ئـەو پـارت و كۆبـوونەوانە نـەدرێت. چـونكە ئیسـلام ئاییـنە نـەك سیاسـەت. دەبـێت ئاینـێك چ جـۆرە خەباتێكـی سیاسی بكات, كە باوەڕی بەوە هەبێت و بڵێت: "بیانكوژن با نەبـنە هـۆی دووبەرەكایەتـی". ئـەو پارتە لە ژێر هەر ناوێكدا بـێت, نابـێت پـێی بگووتـرێت میانـڕەو, چـونكە هـەر كامـێك لەوانـە بـۆی بلـوێت, بانگـی جیهاد دەدات و خوێنی زۆربەمان

حەڵاڵ دەكات. لێرەدا پێویستە شادمانی و دەستخۆشانەی خۆم بۆ پارتی دەرببڕم كە لە مانگی فێبریوەریی 2004دا هەردوو بارەگای بزووتنەوە و كۆمەڵی ئیسلامیی لە هەولێر داخست, هیوادارم ئەم هەنگاوە تەواوی شار و شارۆچكەكانی كوردستان بگرێتەوە و یەكێتیش بەهەمان شێوە بارەگاكانیان دابخات و هەموو ئەو پارتانە هەڵبوەشێننەوە و هەنگاوەكەی پارتیش كاتی نەبێت و تاسەر بێت.

- تەواوی قوتابخانە ئیسلامییەكان دابخرێن و لە جێیاندا قوتابخانەی ئاسایی دابنرێت. پێویستە منداڵانی كورد لە چوارچێوەی بیری دیموكراتی و فەلسەفەی ئازادی و یەكسانیدا یەك پەروەردەیان ببێت. كە ئەویش لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بەڕێوەدەبرێت و بەرنامەی خوێندنی بۆ دادەڕێژرێت.
- لە كوردستاندا تەنها یەك كۆلیژی شەریعەی ئیسلامی ببێت, ئەویش وەك هەر كۆلیژێكی تر نابێت مامەڵەی تایبەتی لەگەڵدا بكرێت و بەباشیش لەژێر چاودێریی سەرۆكایەتیی زانكۆ و وەزارەتی ناوخۆدا بێت. تاوەكو مامۆستایان و خوێندكارانی ئەم كۆلیژە هانی هیچ بیرێكی توندڕەوی نەدەن كە تیرۆری لێبكەوێتەوە. دیارە یەك كۆلیژی شەریعە بۆ

باشـووری کوردسـتان پێوستییەکان دابین دەکات و پێویست ناکـات سـاڵانە سـەدان دەرچـووی کۆلیژی شەریعەمان ببێت. چـونکە ئاشـکرایە کـە چـواردە سـەدەیە زۆریـنەی ئەو پیاوە ئاییـنانە مشـەخۆری کـۆمەڵگەی کـوردەواری بـوون و بەبـێ ئەوەی هیچ کارێك بکەن! باشترین ژیان, ژیاون.

- وەزارەتـی ئـەوقاف هەڵبوەشـێتەوە و ئـەو دارایـیەی لـەودا خـەرج دەکرێت, لە هەوڵە دژبە تیرۆرەکاندا خەرج بکرێت زۆر باشترە. بۆ نموونە لە جێی وەزارەتی ئەوقاف وەزارەتی دژی تـیرۆر دابمـەزرێت زۆر باشـترە. یـان ئـەو دارایـیەی کـە لـە وەزارەتی ئەوقافدا خەرج دەکرێت بدرێتە وەزارەتی ئەنفال و ئاوارەکانـی کـورد گەلێك باشترە, یان بەو داراییە هۆشمەندی دژە تیرۆر بڵاوبکرێتەوە.
- تـەواوی پەیمانگا ئیسلامییەکان دابخرێن, چونکە تا ئێستا بۆ زۆر کەس شاردراوەیە کە دەرچووانی ئەو پەیمانگایانە دەبنە چی و چی دەکەن بۆ پاشەڕۆژی وڵاتەکەیان.
- هـیچ یانـە و کۆبوونەوەیەکـی ئیسـلامی رێـی پێـنەدرێت, کۆبوونەوەکانـی تەراویحـیش لـە مانگی رەمەزاندا دەبێت زۆر بەباشـی چـاودێری بکـرێت و نابـێت بڵـندگۆی تـێدا بـەکار

بهێنــرێت, تاوەکــو هەســتی ئایــینی نەبــزوێنێت و پشــووی خەڵکی نا موسوڵمانیش تێکنەدات.

- پێویســـتە ســـنوورێك بــۆ کتێفرۆشـــییە ئیســـلامییەکان و چـاپکردنی کتێـبە ئیسـلامییەکان دابنـرێت. بەتایبەتـی ئـەو کتێـبانەی کـە بـاس لـە جـیهاد و بـیری سـەلەفیی تیرۆریست دەکـات. دیـارە باشـترە هەموو ئەو کتێفرۆشییە ئیسلامییانە کـــە ژمارەیـــان دەیـــان و ســـەدانە دابخـــرێن و کتێـــبە ئیسـلامییەکانیش هـەر لـە کتێبخانە ئاساییەکاندا بفرۆشرێن, چـونکە زۆریـنەی ئـەم کتێبفرۆشـییە ئیسـلامییانەش بوونەتە بارەگای ئیسلامی سیاسی و کۆبوونەوەکانیان.

www.kurdistannet.org

ئەو هەنگاوانە گرانن, بەڵام نابێت کارێکی وا بکرێت کە پیادەکردنی ئـەو هەنگاوانــە دژایەتیــی ئیســلامی لێبکەوێــتەوە. چــونکە ئــەو یاسـایانەی ئـەو بـڕیارانە دەردەکـەن دژی ئیسـلام نـین, بەڵکـو دژی بنەبڕکردنـی تـیرۆری ئیسـلامین و ئـەو دامەزراوانـە بـە شـێوەیەك لە شێوەکان دەبنە هاندەریان.

دژایەتیکردنـی تـیرۆر لە سەرەتادا بەپیادەکردنی ئەو خاڵانە دەبێت و پشتگوێخســتنی هــەر خاڵێکــیان دەبێــتە هــۆی زۆرترکردنـــی

تەقینەوەکان لە پاشەڕۆژدا. لادان لە هەر خاڵێك لەوانە دەبێتە هۆی کوژرانی زۆرتری مرۆڤی کورد بەدەستی ئەو تیرۆریستانە.

بەڵام گرنگترین خاڵ, بۆ دژایەتیکرنی تیرۆر, پەروەردەی دژە تیرۆرە. ئەم پەروەردەیە هەمە لایەنەیە و گرنگترینیان قوتابخانەکانە.

من زۆر دڵنیام پێش من هەزاران هەزار خوێندکاری کورد بەدەست تێکستی قول ئەعوزووەوە ناڵاندوویەتی و دیارە منیش دواهەمینیان نەبووم. هەزاران هەزار منداڵی تریش لەجیاتی یاری و بووکەشووشە و ماڵەباجێنە شەوانە لەترسی قولە ئەعوزو و ترسی سبەینێی مامۆستای ئایین خەوی لێنەکەوتووە. بەڵام زۆرجاریش ئەم ترسە لەو منداڵانەدا دەبێتە خۆشەویستییەکی سەیر بەرامبەر ئەو تێکستانە و وای لێدەکات لە کاتی لاوێتییدا ببێتە چەکدارێکی بزووتنەوەی ئیسلامی و گوێی پێشمەرگەیەکی یەکێتی بە مردوویی ببڕێت. یان لاشەکەی بەدوای ئوتومبیلەکەیەوە بە شاردا راکێشێت و بە هەموو هێزێکییەوە بنەڕێنێت و بڵێت "ألله أكبر". ئەوەیە ترسی ئەو پەروەردەیە.

ئەگەر ئایین بەگشتی دیاردەیەکی کەسی بێت و تەنها پەیوەندیی بە خودی کەسێك و پەرستگاکەیەوە ببێت, ئەوا خوێندنی ئایین بەهیچ جۆرێك لە قوتابخانەکاندا پێویست نییە و دەبێت وانەی ئایین

لەلایـەن وەزارەتـی پەروەردەی کوردستانەوە لە بەرنامەی خوێندنی هەمـوو قـۆناغەکاندا لابرێت. چونکە ناگونجێت مرۆڤێك بەزۆر بکرێتە موسـوڵمان پـێش ئـەوەی تەمەنی هەژدە ساڵیی تەواو کردبێت. کەی ئـەو مـرۆڤە بـووە هەژدەسـاڵ ئـەو کـات خـۆی سەربەسـتە ببێـتە موسـوڵمان, دیـان, زەردەشـتی و یـان هـەر ئایینێکـی تـر, بـەڵام سیسـتمێکی خوێـندن هەر لە شەش ساڵییەوە فەرمانی ئیسلامبوونی هەمـوو منداڵانـی کورد بدات, ئەوە کارێکی زۆر نابەجێ و دژی جاڕی گەردوونیـی مـافی مرۆڤیشـە. دەکـرێت لـە یەکـێك لـە هەنگاوەکانـی ناوەنـدی یان ئامادەیی وانەیەك هەبێت دەربارەی مێژووی ئایینەکان بەگشـتی و قوتابی بەهۆیەوە لە تەواوی ئایینە گرنگەکان شارەزابێت و مـێژوویان بـزانێت. بـەڵام ئەمەشیان دەبـێت لەلایـەن کۆمەڵـێك پسـپۆڕی مێژوویی و سایکۆلۆژییەوە بنووسرێت, تاوەکو نەبێتە هۆی چاندنی هەستی تیرۆر لەنێو دەروونی خوێندکاراندا.

هەروەها دەبێت مێژووی ئیسلام و شەڕی بەدر و ئوحدیش لە وانەی مـێژووی هەمـوو هەنگاوەکانی قـوتابخانە بهێنـرێتە دەرەوە, چونکە ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە مێژووی کوردستان و کوردەوە نییە.

بـێجگە لەلابردنـی وانـەی ئـایین لـە هەمـوو هەنگاوەکانی خوێندندا, دەبـێت نیشانەکانی ئایین لەنێو تەواوی خوێندنگاکاندا نەهێڵرێت, بۆ نمـوونە لـە هەنـدێك قـوتابخانە ژوورێـك تەرخانکـراوە بۆ نوێژکردن و

نـاوی لێنـراوە مزگەوتـی قـوتابخانە و بەشـە نێوخۆیـیەکان, ئـەوە کارێکـی زۆر ترسـناکە و لـەو ژوورانـەدا کۆبـوونەوەی دانانـی گـەرای تـیرۆری تـێدا دەکـرێت و زۆریـنەی پـارت و کـۆمەڵە ئیسـلامییەکان گرنگییەکـی زۆر بەو ژوورانە دەدەن بۆ راکێشانی ئەندامان بۆ خۆیان و تێـیدا کەسێکیان کردووەتە بەرپرسی شتنەوەی مێشکی قوتابیان. لەبەرئـەوە بەهەمـوو شـێوەیەك دەبـێت ئـەو ژوورانـە دابخـرێن یـان بکـرێنەوە بـە پۆلێکی ئاسایی یان هەر ژوورێکی تر کە قوتابخانەکان سوودێکی لێ ببینن, بێجگە لە نوێژکردن و کۆبوونەوەی ئیسلامی.

هـەروەها لابردنـی هەمـوو ئەو تابلۆ و نووسینانەی کە پەیوەندییان بـە ئایـینی ئیسـلام و تێکسـتەکانی قـورئانەوە هەیـە لـە نـێو قـوتابخانەکان و سـەردیوارەکانیان, چـونکە ئەوانـەش دەبێـتە هـۆی بزواندنی بیری تیرۆر و ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا.

کێشـەیەکی گرنگـی تـر, دیـاردەی سەرپۆش یان حیجابە. زۆر چاك بـیرم دێـت پـێش جەنگـی ئێراق – ئێران, لە شارێکی وەك سلێمانیدا تاکە سەرپۆشێکی تێدا نەبوو بەم شێوە و واتایەکی کە ئێستا هەیە. کەچـی ئێسـتا بـووەتە دیاردەیەکی زۆر بەرچاوی وڵاتەکەمان. دیارە ئـەویش بەهـۆی گـەرای کـۆماری ئیسـلامی و کـۆمەڵە ئیسـلامییە کوردەکانەوەیە.

www.kurdistannet.org

ئـەم دیـاردەی سەرپۆشینەی کچان و ژنانی کورد لە شوێنێکەوە بۆ شـوێنێك دەگـۆڕدرێت, قـوتابخانە هەیـە لـە شـاری هەولێردا, دەڵێی قوتابخانەیەکی عەرەبستانی سعودیە یـان ئێرانە, لەبەرئـەوەی بۆ دەرمانیش کچێکی ئاسایی تێدا نابینرێت.

دیـــاردەی سەرپۆشـــین پێویســـتە بەهەمـــوو شـــێوەیەك لـــە قـوتابخانەکاندا قەدەغـە بکـرێت و دەبـێت کچـانی کـورد بـە بـێ سەرپۆش و وەك مرۆڤێکی هاوچەرخی ئاسایی لە قوتابخانەدا بن. کە دەچـنە دەرەوەی قـوتابخانە ئـەوە کارێکـی تایـبەتە بەخـۆیانەوە و دەتـوانن سـەریان بپۆشـنەوە, بـەڵام لـە چوارچێوەی قوتابخانەکاندا نابـێت بەهـیچ جـۆرێك سەرپۆشـین ببـێت. بەهــەمان شـێوە ردێـن بەردانـەوەش لـەناو کوڕانـی خوێـندکاردا دەبـێت قەدەغـە بـێت. بـۆ ئـەوەی هیچ دیاردەیەکی ئیسلامی بە قوتابخانەکانەوە دیارنەمێنێت. تاوەکـو قوتابـی هەسـت بکـات هاتووەتە قوتابخانە بۆ خوێندن, نەك بـۆ مـزگەوت و ئەڵڵاپـەرستی. ئـەم بڕیارە دەبێت تەواوی ئایینەکانی تـریش بگرێتەوە, وەك ئەو بڕیارە ئازایانەی کە فەڕەنسییەکان دایان و ئێستاش وڵاتانی تری خۆرئاوای ئەوروپا تۆژینەوەی لەسەر دەکەن بۆئەوەی هەمان بڕیار بدەن.

ئـەم دیـاردەی سەرپۆشـین و ردێن بەردانەوە و هەڵواسینی تێکستە ئایینیـیانە پێویسـتە لـە هەمـوو فەرمانگـە فەڕمییەکانـی دەوڵەتـدا

قەدەغـە بكرێت. فەرمانبەرانی میری لە ماڵی خۆیاندا ئازادن هەر کار و رێوفەرمێکـی ئایـینی بەسـەربەرن, بـەڵام کارگـە و فەرمانگـە جێی کارە و نابێت هیچ پەیوەندییەکی بەئایین و پەرستنەوە ببێت.

لـە مـێژووی ئاییـندا بەگشتی, ئەوانەی پڕوپاگەندەیان بۆی کردووە دەستکەوتێکی مادی و دنیایی باشیان دەستکەوتووە. خودی ئایینی ئیسـلام ئەگـەر بەهـۆی دەسـتکەوتی مـادی و تاڵانییەوە نەبووایە لە دورگـەی عەرەبـی نەدەچـووە دەرەوە. ئـایین و ئیسـلامەتیش لـەم سـاڵانەی دوایـیدا لـە کوردسـتان بـووەتە "بیزنـز". پـارت و کـۆمەڵە ئیسـلامییەکان پارەیەکـی مفت لـە عەرەبسـتانی سـعودی و ئێران و دەوڵەتانـی تـر وەردەگـرن و بەرامبـەریش کۆمەڵـێك گەنجـی کـورد دەکەنـە هـەواداری خـۆیان و مانگانەشـیان بـۆ دەبـڕنەوە. بۆ نموونە ئەگـەر کچـێکی کورد ببێتە ئیسلامی و سەری بپۆشێت, ئەوا مانگانە لـە یەکێکـێك لـەو کـۆمەڵە ئیسـلامییانە وەردەگـرێت. ئـەم دیاردەیە پێویسـتە زۆر بـاش چـاودێر بکـرێت و پێویسـتە ئەوانـەی بەرامـبەر مانگانـە سەردەپۆشـن قەدەغـە بکـرێت و هـەروەها هەرچـی مـوڵك و پـارەی ئـەو پـارت و کـۆمەڵە ئیسـلامییانەش هەیـە هەمووی دەستی بەسـەردا بگیرێـت و بخـرێتەوە سـەر دارایـی کوردسـتان. چونکە ئەو پـارت و کـۆمەڵە ئیسـلامییانەی کـە ئــەو مـوڵك و پـارە زۆرەیـان

پێکهێناوە, لە ئەنجامی کاری سیخوڕی و بڵاوکردنەوەی ژەهری تیرۆرەوە بووە بۆ دەوڵەتانی وەك عەرەبستانی سعودی و ئێران.

شانبەشانی گۆڕینی پەروەردەی قوتابخانەکان, پێویستە پارتە رامیارییەکانیش بە پەیڕەو و پڕۆگرامی خۆیاندا بچنەوە. زۆرینەی پارتە نائیسلامییەکانی کوردستان بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بانگەشەی عیلمانییەت دەکەن, بەڵام زۆر بەدەگمەن رەفتارەکانیان عیلمانییە.

پاش رووداوەکەی 1ی فێبریوەریی 2004ی شاری هەولێر, هەردوو پارتە گەورەکەی کوردستان دەبووایە هیچ کارێکیان بە بەرگریکردن لە ئایینی ئیسلامەوە نەبوایە. کەچی لە عەرەبەکان خراپتر رەفتار دەکەن و مەلای مزگەوتان نەما نەیانهێننە سەر کەناڵەکانی راگەیاندنیان بۆ ئەوەی هەرچی چۆنێك بێت بۆ خەڵکی بسەلمێنن کە ئەوەی روویدا پەیوەندیی بە ئیسلامەوە نییە. لە راستیدا ئەوە کاری پارتی و یەکێتی نییە. بێگومان دەبێت مەلا و پیاوانی ئایینیی کوردستان بڵێن ئەو کارە پەیوەندیی بە ئایینی ئیسلامەوە نییە و ئایین لێی بێ بەرییە و تیرۆر لە ئیسلام ناوەشێتەوە, ئەگەر نا ئەوا ئەو مشەخۆرانە نانبڕاو دەبن.

www.kurdistannet.org

دەبێت ئەو پارتە کوردستانییە نائیسلامییانە ئاگاداری ئەو راستییە بن کە ئەمانە پارتی ئیسلامی نین و بەهەموو شێوەیەك دەکەونە تاکەی تری تەرازووی ئیسلام و جیهادەوە, ئنجا هەرچی بڵێن و هەموو مەلا و پیاوانی ئایینیی کوردستان بخەنە سەر تەلەڤزیۆنەکانیان ناتوانن بڵێن ئەوانەی لەو رۆژەدا خۆیان تەقاندەوە هاواریان نەکردووە و نەیانگووتووە "ألله أكبر".

دەبێت هەردوو لایەنی هاوڕکی دوێنێ و هاوپەیمانی ئەمڕۆ, بەشێوەیەکی تر بڕواننە بارودۆخەکە و ببنەهۆی ئەوەی کە بەهۆی جەنگی ناوخۆیانەوە هاتووەتە کایەوە چاکی بکەنەوە. دیارە تورکمانی سیاسیش کە یەکەمین هاوپەیمانی شیعە و ئیسلامی سیاسییە لەم چاکسازییانەیان نابێت بێبەش بێت.

دەربارەی پرۆگرام و مەرجی ئەندامەتیی ئەو پارتانە دەبێت کۆمەڵێك بڕیاڕی بوێرانە بدەن. چونکە ئاشکرایە کە زۆربەی ئەندامانی ئەنسارولئیسلام کاتی خۆی ئەندامانی ئەم پارتە نائیسلامییانەی کوردستان بوون. پێویستە ئەو پارتانە دەستەڵات و چاودێریی تەواویان بەسەر ئەندامانی خۆیاندا ببێت و نەبنە تابووری پێنجەم بۆ ئیسلامی سیاسی لە نێویاندا. دەربارەی ئەمە نموونەیەکی زیندوو بەپێویست دەزانم:

لـه ناوەڕاسـتی هەشـتاکاندا کـە لـە موسـڵ خوێندکاری زانکۆ بووم. تێکەڵییەکی زۆرم لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێی هەولێریدا پەیداکرد. دووان لـەو کـۆنە هاوڕێـیانەم کـە بـریتی بـوون لـە یـەك لـە هـاوڕێ هـەرە نـزیکەکانم. یەکێکـیان ئەندامـی پارتـی بـوو و دوو سـاڵیش پێشـمەرگایەتیی کـردبوو, ئـەوی تریشـیان ئەندامـی ئـاڵای شۆڕشـی گروپـی جـیابووەوەی یەکـێتی نیشـتمانی بـوو. هـەردوو کۆنە هاوڕێم دڵسۆزی پارت و گروپەکەیان بوون. ئەمەی ئاڵای شۆڕشیان ساڵانێك زیندانـی بـوو و کـە بـەریش بـوو شـوێنەواری کۆت و بەندی مەچەکی وەك بـازن لـە هـەردوو دەسـتیدا مابوو. هەردوو کۆنە هاوڕێم هەرچی بـڕوا ببـێت بـە ئیسـلام و ئیسـلامی سیاسـی نەیانـبوو. بـەڵام پـاش سـاڵانێك دوورکەوتـنەوە لەیـەکتری سـاڵی پـار بیستمەوە کە هەردوو کـۆنە هاوڕێـی ئەوسـای زانکـۆم نـەك بـوونەتە ئیسـلامی! بەڵکـو هەردووکـیان "ئەندامـی سـەرکردایەتیی ئەنسارولئیسلام"ن و لە دوو کەونـە هاوڕێـی نـزیك و خۆشەویستمەوە, یەکسەر بوونە دوو دوژمنی سەرسەختم. هەڵبەت دەشزانم لای ئەوانیشەوە هەمان هەست هەیە و بگرە خراتریش..

ئـەم گۆڕانکارییـە ترسـناکەی دوو خوێـندکاری زانکۆ و دوو ئەندامی پارتی و یەکێتی لەخۆوە نییە. دیارە ئەمە تەنها بەهۆی سەرهەڵدانی بێهوودەیـی و بـیری ئیسـلامی نیـیە لـە کوردسـتاندا, بەڵکـو

دەشگەڕێتەوە بۆ هەڵەکانی خودی ئەو دوو دەستە و پارتەی کە ئەو دوو کەونە هاوڕێیەم تیایاندا ئەندام بوون.

هەربۆیە پەروەردەی پارتایەتیش وەکو هی قوتابخانە گرنگە و لەگەڵ خێزاندا دەبنە سێ کوچکەی گرنگ لە دژی تیرۆر..

بۆ ئاراستەکردنی ئەمەی دوواییان پێویستە کەناڵەکانی راگەیاندن گرنگییەکی زۆری پێبدەن, تاوەکو مندالٚ لە خێزانەکەیدا بەشێوەیەکی زانستییانە پەروەردە بکرێت و بیری تیرۆر لە مێشکیدا دروستنەکرێت.

تیرۆر بەرپێوەیە و لەپەرەسەندندایە, گەر لەناوینەبەین, هەموومان لەناو دەبات. هەربۆیە نابێت سڵ لە هیچ مامەڵەیەکی کەمکردنەوەی دیاردە ئایینییەکان بکرێتەوە, چونکە بەدڵنیاییەوە کەمکردنەوەی هەستی ئایینی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تیرۆر.

ئێستا جارێکی تر دەچمەوە بەلای کارەساتی "قول ئەعوزو"ەوە و کە نزیکەی 32 سالٚ زۆرتری بەسەردا تێپەڕیوە, کەچی هێشتا ئەو چیرۆکە لە مێشکمدا هەر زرینگەی دێت و بیرم ناچێتەوە. چونکە من لەو تەمەنەمدا دەبووایە خەریکی یاریکردن و وێنە کردن بوومایە, نەك شەوانە بەخەفەتی بۆلەبەرنەکرانی تێکستی قول ئەعوزو خەوم لێنەکەوتایە و بەیانیش بەترس و لەرزەوە بچوومایەتەوە بۆ قوتابخانە.

بەبەراوردێکـی ئـەم ترسەی من و پارچە پارچە بوونی تەرمی سامی عەبدولـڕەحمان و شـاخەوان عـەباس و تێکەڵاوبوونـی بـە پارچـەی گۆشـتی ئـەو تیرۆریستانەی کە خۆیان تەقاندەوە بە پارچەی لاشەی کـوژراوان, ترسـناکیی کارەسـاتەکەمان بـۆ دەردەکـەوێت. ئـەو سەدانەشـی کـە لـە نـاو هۆڵەکاندا بوون و هێشتا لە ژیاندا ماون, ئەو رووداوە دەبێـتە مـۆتەکەی ژیانـیان و تـا مـاون پێوەی دەناڵێنن. لیٚ مـن بەدەسـت قول ئەعوزوەوە و ئەوانیش بەو هاواری "ألله أكبر"ەی کە تیرۆرستان پێش خۆ تەقاندنەوەیان کردبوویان.

بەدڵنیایـیەوە دەڵـێم ئیسـلام تـا ئـەو رادەیـەی زیانـی بۆسـەر کـۆمەڵگەکەم نەبـێت, هـیچ کـارێکم پێـی نیـیە و بـا هـەر خەریکـی پۆشـینی سـەری ئافرەتانـی عەرەبسـتانی سعوودی بێت و با خەڵکی سـعوودییە لەجیاتـی پێـنج جـار, پـازدە جـار نـوێژ بکـەن و رکاعەتەکانیشـیان گـران بکـەن و بـیکەنە هەشـت دانـە لـە جارێکدا. بـەڵام هێـندەی تاڵە دەزوورەیەك هێزکاری خراپم لێبکات ناچار دەبم دژی بوەسـتمەوە. ئـەم دژ وەستانەوەیەشـم زۆرتـر لـە دژایەتیـی تـیرۆرەوە هاتـووە کـە بـە هـۆی ئەم ئایینەوە دێتە ئافراندن, ئەگینا دەربـاری خودی ئیسلام, من چەند بنووسم ناتوانم هێندەی مامۆستا

عەبدولخالق مەعروف تیرۆرکراوی هەمان بیر, نیشان بپێکم و مامۆستا عەلـی دەشـتیش, ئـەوەی مامۆستا عەبدولخالق بۆیی تەواو نەکرا, لە "بیست و سێ ساڵ"ەکەیدا بەجوانی بۆیی نووسیوینەتەوە.

هەربـۆیە ئـەم دێـڕانە تـەنها دژی تـیرۆر و گەشـەنەکردنی تـیرۆرن و بـەس و ئـەو ئایینـە ئەوەنـدەی بەسـە کـە هـاو زمانـانم "بەزمانـی کـوردی" تێـبگەن کـە "کنـتم خیـر امـة أخـرجت للـناس, قاتلـوهم حتـی لاتکونـوا فتنـة, من أعتدی علیکم فأعتدوا علیه بمثل ماأعتدی علیکم, أنا أنـزلنا قـرآنا عـربیا لعلکم تعقلـون, فللذکـر مـثل حـظ الأنثیین, هتد..." واتاکـەیان چـییە. نـەك وەکو دایك و داپیرم کە دەیان ساڵە خەریکی خوێندنـی ئـەو تێکسـتانەن و تـا ئێسـتا هیچیان نازانن "الحمد لله رب العالمین" واتاکەی چییە.

لـەدوا کـەناری ئـەم نووسـینەدا دەڵـێم, ئـێمە پێویسـتمان بـە ئەنجوومەنێکـی نەتەوەیـی هەیـە کـە دژایەتیـی تیرۆر بکات و هەموو هەنگاوەکانـی دژە تیرۆر پیادەبکات و لەلایەن حکومەتی کوردستانی بندەسـتی عێـڕاقەوە دەسـتەڵاتێکی بـێ سـنووری پێدرابێت. تاوەکو چـیدی کارەسـاتی 1ی فێبریوەری دووبارە نەبێتەوە و ئەوەندەی تر بۆمـبای لماویـیمان پـێدا نەتەقێـتەوە و ئاساییشـی نەتەوەیـیمان پارێزراو بێت و منداڵانمان بەئاسوودەیی بچن بۆ قوتابخانەکانیان...

17-09ی فێبریوەریی 2004

ئەو كات كە بۆمبێكى بچكۆلانە دەتەقييەوە و چەند كەسێكى بريندار دەكرد, كەس بيرى لەوە نەدەكردەوە كە تيرۆريستان خەريكى دروستكردنى بۆمبێكى گەورەترن و ئەمجارە ئەو بۆمبە دەيان كەس دەكوژێت. كاتێك ئيسلامييەكان گوێى پێشمەرگەى يەكێتييان دەبڕى و لاشەى يەكێتييان لە كەلار بە دواى ئوتومبيلدا رادەكێشا, كەس بيرى لەوە نەدەكردەوە كە ئەمانە دەبنە ئەنسار و لئيسلام و كارەساتى خێڵى حەمەيان لێدەوەشێتەوە و لەجياتى گوێبڕين, سەردەبڕن. بەرپێگيريمان بۆ گوێبڕين, دروستكردنى بەرەيەك بوو لەگەڵ ئيسلامى سياسيدا, هەربۆيە سەربڕينى لێكەوتەوە.